# کامیان کوفره ، ڕەخنە لە ( خـــودا ) یان لە ( دەســەڵات ) ؟!

دلێر هەڵەبجەیی
halabja@gmail.com

خەڵکی کوردستان هێندە ئەبڵەق بون و حە پەساون بەدەست ڕاگەیاندنی چەواشەی حزبەکانەوە کەهەموورۆژێك و بەزنجــیرەیەکی بێ پچڕان لەلایەن ئەو دەزگایانەوە درۆی شاخ دارو بەڵێنی سەوزو سوریان دەرخوارد دەدرێ وئەگەر پێشیان قووت نەچێ ئەوا بەزۆر لوتیان دەگرن تاوەکو دەم بکەنەوەو قووتی بدەن، ئیتر بمانەوێ و نەمانەوێت ئەمە شتێکی نکوڵی لێ نەکراوو ، دووبارەوەبوی ڕۆژگاری مرۆڤی کوردی کوردستانی باشوورە ، وە بەدرێژایی ئەم چواردە ساڵە بەم شێوەیە خەڵك ڕام هێنراوە ، تاوەکو بیر لەگەندەڵی و بێ سەرو بەری و کەم توانایی حکومەت نەکرێتەوە ، تەنانەت بەشێوەیەك ئەو خەڵکە ( ســڕ ) کراون ، بیر لەقوتی خۆشیان نەکەنەوە ، ئەوەتا ئەو خۆراکەی کە گوایە بەرامبەر ئەو نەوتەیە کەکەس نازانێت بۆ کوێ دەڕوات و بایی چەندە ،لەخەڵك دەگیرێت و دەدزرێت ،یان لەعەمباردا دەمێنێتەوە تاوەکو بەسەر دەچێت ، پاشان دەدرێت بە هاوڵاتیان ، کەچی کەس نابینین سوکە گلەییەکیش بکات ، نەبادا دڵی حکومەتمان لێ بڕەنجێ ، لەبەرئەوە زۆربەی خەڵك و تەنانەت ، مەلاکانیش ( ئەوانەی بەو هەوایە دەژین کە لە مەسیف سەڵاحەدین و دوکانەوە هەڵ دەکات، و مێزەرەکانیان هێندە شل بەستوە ، کە هەرلە گرێی لەچکی ئەو کچە ئێرانیە دەچێت ، کە بۆ ڕازیکردن و لەترسی ڕژێمی بەناو ئیسلامی ئێران بەسەریدا دەدات ) ، چەمکی ( پیرۆزی ) یان لێ تێك چووە ، ئەوەتا کاتێك لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوەو بەئاشکرا هێرش دەکرێتە سەر ( خودا ، ئیسلام ، حیجاب ) ،لەکاتێکدا گروپەکەی زانا هێندە لە حکومەت و دەزگای بەناو ئاسایش ەوە نزیك بوون ،هێندە فریان بە ئیسلامەوە نەبوو ، ئا لەم کاتەدا نوزەیەك نابیستین لە مەلاکانی ئەوقاف و یەکێتیە زاناکان ،بەڵام کاتێك ڕەخنەیەك لە حکومەت و بەڕێوەبەرانی حکومەت دەگیرێت ،ئەوانەی کەوەك ( دەلەیلاما ) لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتون و بە گۆچانەکەیان حوکم دەکەن و ئاگایان لەوەزعی ڕەعیەت نیە ، هەمو دەیکەن بەهەڵاو پاکانە کردن بۆ کەم و کوڕیەکانی حکومەت ،

ئەوە نیە کە پێشنوێژێکی بەحەق لە هەولێر، دەنگی هەڵبڕی و ئەوەندەی وت کەدەبێت خەڵك بپرسێ ئەرێ کێ لە پشت ( زانا ) وە بوو ،کێ دەستی گرت ، کێ هانی داو بۆ چ مەبەستێ ؟ دەست و برد کوڕانی پشت ئەستور بە حیزب لێی هاتنە دەست و ئەگەر نوێژ خوێنان بەرگریان نەکردایە ، ئێستە جەستەکەی پارچە پارچە کرابوو ، وە لە کیسە وعەلاگە نرابوو ، کەچی مامۆستاکانی ئەوقاف و زانایان ناڕەزایی نامەیەکیان لەسەر ئەم کارە دڕندانەیەی کە بەرامبەر هاومێزەرەکەیان کرا دەرنەکرد ، بۆ یە من دەپرسم ئەرێ مامۆستای بەڕێز ، کامیان کوفرە، ڕەخنە لە ( خــودا ) یان لە ( دەســەڵات ) ؟! وە چی دی ئومێدێك نەماوە بە ڕێکخراوێك یان دامەزراوەیەك ،کەدەستەمۆی حکومەت نەبێت